مەسعود بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی ئوسترالیا لە عێراق دەکات

ئەمڕۆ دووشەممە 4ی ئاداری 2024 لە سەلاحەددین مەسعود بارزانی پێشوازی لە گلین مایز باڵیۆزی ئوسترالیا لە عێراق کرد.

بارەگای بارزانی لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە:-لەدیدارەکەدا باڵیۆزی ئوسترالیا ستایشی پێیوەندییە دووقۆییەکانی نێوان وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستان کرد و، خواستی وڵاتەکەی بە قووکردنەوەی ئەم پێیوەندییە خستەڕوو.

لەدیدارەکەدا باس لە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە هەرێمی کوردستان کرا، کە بڕیارە لە 10ی حوزەیرانی ئەمساڵ ئەنجام بدریت، لەم رووە تاوتوێی پرسی سەختیی بەدەوچوونی پرسەکە بەبێ بڕشداریی سەرجەم پێکهاتەکان کرا، لەبەرئەوەی هەوەشاندنەوەی کۆتای پێکهاتەکان لەدانە لە پرسی هاوبەشتی و پێکەوەژیان.

ئەوەش خرایە رووە، کە هەرێمی کوردستان بەردەوام پێداگیریی لەسەر پێکەوەژیان کردووە، بەوپێیەی

یەکەکە لەو بنەما سەرەکییانەی کە بەشداریکردن لە پرسی سیاسیی لە هەرەمەکدا لەسەری بونیات نراوە.

ئەوەش روون کرایەوە کە، پێکهاتەکان بەشێکی دانەبڕاون لە گەلی کوردستان و، لەبەر توندیی کێبڕکێکان رەنگە بەبە بوونی کەتا نەتوانن نوێنەرایەتیی خەیان لە پەرلەمانی کوردستان دەست بخەن.

لە تەوەرێکی تری دیدارەکەدا، مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانییەتی نەودەوەتی لە عێراق باس کرا، سەرەك بارزانی ئاماژەی بەوە کرد، کە ئەمە پرسێکی نیشتمانییە و پێویستە بە سەرجەم پێکهاتەکان و، پێویستە لەم روانگەیەوە درک بە مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرەر بکرێت.